کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 20-6-2007 15:53

## تاڵەبانی چاوەکانت بەرابەر کەرکوک و گەرمیان دامەخە ... لەتیف فاتح فەرەج

ماوەیەك لەمەو بەر لەڕۆژنامەیەکی ڕۆژهەلاتی کوردستاندا کە بەزمانی فارسی دەردەچوو لەسەرو وێنەیەکی ئەحمەد نەژادەوە کە بە دەستەکانی خۆی هەردوو چاوی توند گرتبو بەمانشێتێکی گەورە نوسرابوو"جەنابی ئاغای ئەحمەد نەژاد چەشمهای خود دەرکوردستان بازکون".
زۆرم بیر لەوە کردەوە، ئی خۆ ئێمە بەقەولی خۆمان لەزۆر شوێنی دەوروبەر دیموکراسی ترین و هەر ئەوە تا نمونەی دیموکراسیەتی خۆمان بۆ شوێنانی دیکە کۆپی دەکەین، ئیدی بۆ ئێمەش لەگەڵ سەرۆك کۆمارێکی کورد بەو زمانە قسەنەکەین، بەتایبەتی کاتێك کە ئەو سەرۆك کۆمارە بەتەواوەتی ئاگای لەبارودۆخی زۆر خەراپی هاولاتیەکانی نیە لەگەرمیان و کەرکوك، مەبەست لەئاگابون و ئاگانەبون، ئەوەیە ئەوڕۆ لەکەرکوکدا بۆ ناردنەوەی عەرەبی هاوردە"20" ملیۆن دینار و بۆ خەڵکی ناو پارێزگا"10" ملیۆن دینار و بۆ قەزاو ناحی و گوندەکانیش"5" ملیۆن دینار دانراوە، لەکاتێکدا، بەدرێژای سالانی 1963 تا 2003 واتە لەمەدای"40" ساڵی ڕەبەقدا زۆر ترین زیان بەر گوندەکان کەوتوە، گوندەکانی کەرکوك و گەرمیان"5" ملیۆن دینار گاڵتە پێکردن نەبێت بەکەسوکاری ئەنفال و قوڕ بەسەری ئەو گوندانە چیە؟!.
ئایە سەرۆك کۆمار کە بەقسەی زۆرێك بەو ڕۆژگارە بەخشندەیی دەکات و تەنانەت دوژمنانیش لە بەخشندەیی ئەو بێبەش نەبون، نمونەی تاریق عەزیز و برینەوەی موچە بۆ "عەبدولکەریم قاسم" و بەشێك لەو سەرۆك جاشانەی کە لەژێر باڵی سەرۆکی کۆمار و سەرۆکی هەرێمدا ورگی خۆیان زل دەکەن، ناتوانی کەمۆ کە یەکیش بەرابەر خەڵکی ئەو گوندانە بەخشندە بێت کە خۆی ڕۆژگارێکی زۆر پێشمەرگەبووە لەناویاندا گوندە هەمیشە سوتاوەکانی گەرمیان، ئەو گەرمیانەی کە بۆ بەکوشت دان، لەشەڕی بەعس و ئێران و ناوخۆشدا پێیان دەگوتری"دەی کورە کوڕەی گەرمیان بەقوربانتان بین"تومەز ئەمە بەقوربان نیە، بەقوربانە، ئاخر هەر لەو زۆرە نەوتەی کە لەکەرکوك دەدزری دەتوانرێت ئەوە چارەسەر بکرێت"پێنج ملیۆن" چی دەکات بۆ پیرە ژنێکی گەرمیانی کە خۆی گوتەی لەچوار کوڕ قەرایی نەماوە، دەمەوی هەر لێرەدا لەسەر ڕوفاتی ئەنفالەکانیش قسەیەك بکەم، جەنابی سەرۆك کۆمار ئێوە ئاگادارن کە ئەنفال بەشێوەیەکی زۆر چڕ لە گەرمیاندا بەڕێوە چوو ئێستا خێرە مۆنۆمێنتی ئەوانە ببرێتە شوێنی دیکە، پیرە ژنێکی سەر قەلا و ڕزگاری و شۆڕش و نەو جولە بۆچی ئێسك و پروسکی کوڕونەوەکانی دوای نۆزدە ساڵ نەیەتەوە بەردەستی، خۆ لە ڕووی قانونیشەوە هەر دەبی بۆ بەخاك سپاردنیان پرس بەکەسوکاریان بکرێت، ئێوەش پیاوێکی قانونین، بۆ مۆنۆمێنتی ئەوان لەنزیك کەرکوك لەچیمەن یان لەحەسار نەبێت، ئایە ئەوە نابێتە هەنگاوێکی نەتەوەیی گەورە، شوقەکانی زەکەریاو دریم ستی و ئەو شتانە بۆ شوێنانی دیکە و ئێسك و پروسکی ئەنفالەکان بۆ ئێمە، لە کەسیش قەبوڵ ناکەین ئەو ئێسك و پروسکانەمان داگیر بکەن، بۆیە ئەرکی ئێوە تۆ و جەنابی سەرۆکی هەرێمە، ئەو ئێسك و پروسکانە بگێڕنەوە زێدی خۆیان ئی ئەگەر ئەو پێنج شەش مانگەش، دایك و باوکی ئەو ئێسك و پروسکانە بتوانێت بەو شرە موچەیەی کەدەیدرێتی مانگی دوو جار بچێتە سەر ئێسك و پروسکی جەرگەکەی خۆ حکومەتی کوردی بڕیاریان داوە لەدوای 20 ساڵ ئیدی ئەو موچەیە ببڕێت، واتە بەهەموو پێوەرێك ساڵێك کەمتر ماوە بۆ بڕینی بۆیە تکایە لەوەزیاتر ئازاری ئەو پاشماوەیە مەدەن و ڕوفاتی قوربانیەکانیان بدەنەوە دەستی خۆیان، سەرۆك کۆماری هێژا، ئەدی ئێوە بۆ بڕیار نادەن لەموچەی وەزیر و پەرلەمانتار و بەڕێوەبەری گشتی و دیوەخانانە و ئاغایانە کە مبکرێتەوە، بۆ

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

لەموچەی بەرپرسی مەڵبەند و لق و ئەوانە کەم ناکەنەوە، من بۆ خۆم هەر لە ئێستاوە "150" هەزاری ڕێز لێنانی نوسەران و 130 هەزاری فەرمانبەریم هەیە هەمووی دەکاتە 280 هەزار نامەوێت و لەو پیرەژن و پیرەمێردانە لی بگەڕێن با تامردن ئەو کەمە موچەیە وەربگرن هەر ئەو کەمە موچەیە وەکو پەیوەندی لەنێوان ئەوان و دەستەڵاتی کوردیدا ماوەتەوە ئاورێك لەکەرکوك و گەرمیانیش بدەرەوە!!.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.